

کۆبوونەوە فراوانەکانی قەڵاچوالان و

# بەخشیش و چەواشەکاریەکانی تاڵەبانی

سامان ئەحمەد

2004-12-24

**هەڵمەتی هەڵبژاردن :**

ماوەیەکە یەك لایەنە و ئازادانە یەکێتی نیشتمانی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەست پێ کردووە . جگە لە تەبلیغاتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ، هاوکات تاڵەبانی بە شێوەیەکی ڕۆژانە دەرگای هۆڵی قەڵاچوالانی خستووەتە سەر پشت هەر ڕۆژەی سەدان کەس لە ڕوناکبیران و مامۆستایان و ژنان و هونەرمەندان و عەشیرەتەکان و ڕێکخستنەکانی خۆیان پەلکێش دەکەن بۆ ناو هۆڵی قەڵاچوالان .

هەموو خەڵك بە تایبەتی گوێگرانی ناو ئەو هۆڵەش دەزانن کە ئەو بەسەرکردنەوە و پیاهەڵدان و بەخشیش و وەعدانەی تاڵەبانی بەوانی دەدات لە خەمخۆری و دڵسۆزی تاڵەبانی یەوە نی یە. بەڵکو تەنها هەڵمەتێکی تەبلیغاتی تاڵەبانی یە هەتا پەنجەمۆری هەڵبژاردنیان پێ بکەن . بڕی ئەو پارەیەی بۆ بەخشیش و کولفەی ئەو وەعدانە کە تاڵەبانی لەو کۆبوونەوانەدا سەرفی دەکات دڵۆپێکە لە دەریایەك سامان و پارەو پولی خەڵکی کوردستان کە ئەو دوو حزبە بەگشتی و جلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی چنگیان بەسەردا گرتووە. ئەوان نان و قووتی خەڵکیان بە دەستەوەیە ،بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکاری دەهێنن . ئەم دوو حزبە عەشایەری و ئەم دوو سەرۆك عەشیرەتە بەناوی دەسەڵات و ئیدارەی کوردستانەوە هەرچی پارەو پول و یارمەتی و بەشێك کە تایبەتە بۆ کوردستان خستوویانەتە ژێر چنگی خۆیانەوە و نەك خەڵك تەنانەت زۆرێك لە سەرکردایەتی حزبەکانی خۆشیان ئاگاداری نین ، خۆشیان حسابی خۆیان نازانن . ئەمڕۆ بۆ کڕینی پەنجە مۆری خەڵك و ناچارکردنیان بۆ بەشدار بوون لە هەڵبژاردن و شەرعیەت دانەوە بە دەسەڵاتی ناشەرعی یان دڵۆپ دڵۆپ لەو کۆبوونەوانەدا ئەیڕێژن بەسەر خەڵك دا. تا پێش هەڵبژاردن ئەوە بە خەڵك بسەلمێنن و نیشانیان بدەن کە نان و قووتی ئێوە بە دەست ئێمەوەیە و پێیان بڵێن دەنگ و پەنجەمۆری خۆتان بدەن بە ئێمە تا ئێمەش بەشتان بدەین.

ئەمە خەسڵەتی کۆبوونەوەکانی تاڵەبانی یە ، کە وەکو بازرگانێکی دەوڵەمەند و ڕیاکار هۆڵی کۆبوونەوەکانی بۆ ئەم بازرگانی یە خستووەتە سەر پشت .

**سیاسەتی سێ کوچکەی تاڵەبانی :**

هاوکات خەسڵەتێکی تری ئەم هەڵمەتەی تاڵەبانی ئەو چەواشەکاریە سیاسی یانەیە کە دەیەوێت خەڵکی کوردستانی پێ فریو بدات . **یەکگرتوویی یەکێتی و پارتی ، هاوکاری هاوپەیمانان ، بەشداری فراوانی هەڵبژاردن**. ئەم سیاسەتی سێ کوچکەیەی تاڵەبانی نەك هیچ ماف و خواست و داخوازیەکی خەڵکی کوردستان بەجێ ناهێنێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای سەندنەوەی مافی خەڵکی کوردستانە لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا. ئەم سیاسەتی کوێخایەتی کردنەی یەکێتی و پارتی بەوەی ئەوان لە جیاتی خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن ، چارەنووسیان بە هاوکاری کردنی هێزەکانی هاوپەیمانان و، شەرعیەتدان بە دەسەڵاتێکی قەومی ـ ئیسلامی لە عێراقدا ببەستنەوە ، پەلکێش کردنی خەڵکی کوردستانە بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێمێکی تری قەومی و ئیسلامی کە لەسەر بنەمای کێشمەکێش و شەڕی قەومی بە نیازە دامەزرێ. هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە هەر لە گەرمەی هەڵمەتی هەڵپژاردن دا لە سایەی دەسەڵاتی لایەنگرانی هەڵبژاردن و دیموکراسیخوازان دا هەر جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری پێچەوانەی ئەم سیاسەتەی ئەوان قەدەغەیە و ڕێگای پێ نادرێت .

سیاسەتی تەوافقی یەکێتی و پارتی کە دەیان ساڵە شەڕی خوێناوی دەسەڵات دەکەن ، هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان کە خۆیان سەرچاوەی کاولکاری و نائەمنی و نائارامی و شەڕی تیرۆریستی و پەرەگرتنی تیرۆریزمی ئیسلامین لە عێراقدا ، تەوافوق لەگەڵ حزبە قەومی یە عەرەبی یەکان و هێزە عەشایەری و ئیسلامی یەکانی تری عێراق و دامەزراندنێکی قەومی ئیسلامی بەمانای شەرعیەت دانە بە کۆنەپەرستی و بێمافی هەڵاواردنی قەومی و دینی . ئەو سێ تاڵە باریك و ڕزیوەی ئەمڕۆ تاڵەبانی پەت پەتێنی پێ دەکات و خەڵکی کوردستانی پێ فریو دەدات، هێندەی نووکە دەرزی یەك جێی متمانە و ئومێدی خەڵکی کوردستان نی یە. تاڵەبانی و هاوکارانی دەیانەوێت بە زەبری میلیشیای حزبەکانیان و

سەرکوتی ئازادی سیاسی ، بەبەکارهێنانی نان و پارەو قووتی خەڵك ، خەڵکی کوردستان ڕاپێچی بەردەم سندوقەکانی هەڵبژاردن بکەن و ناچار بەوەیان بکەن مل بەم سیاسەتە چەوتەیان بدەن .
خەڵکی کوردستان نابێ ئەمجارەش وەکو ساڵی 92 فریوی سیاسەتی تەوافوق و هەڵبژاردنی یەکێتی و پارتی بخۆن . چونکە ئەوان تەجروبەی 12 ساڵی پەرلەمانی چۆڵ و حکومەتی بێ حاکم و بێ قانونی ئەوانیان چەشتووە ، ئەمڕۆش دەیانەوێت هەمان تەجروبە نەك تەنها لە نێوان خۆیاندا بەڵکو لەناو شەڕ و ململانێیەکی کوێرتردا لەگەڵ چەندین هێزی تری کۆنەپەرست و شۆفینیستی ئیسلامی ـ قەومی ـ عەشایەری تری عێراقدا تەوافوق بکەن و دووبارە بکەنەوە ، خەڵکی کوردستانیش بە ناوی هەڵبژاردنەوە بەرنە بەر سنوقەکانی هەڵبژاردن و پەنجە مۆریان پێ بکەن .
بەرگرتن بەم سیناریۆ تاریکی ئەم سیاسەتەی تاڵەبانی، گێڕانەوەی متمانە و ئومێدی خەڵکی کوردستان بە ژیان و ئایندەی لە گرەوی هاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستانە بۆ دەنگدان و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی لە ڕاپرسیەکی ئازادانەدا ، بەوەی کە لەگەڵ عێراقدا دەمێننەوە یان جیادەبنەوە و وولاتێکی سەربەخۆ هەڵدەبژێرن.
هەر بڕیاڕ و چارەنووس و هەڵبژاردنێك بەبێ وەرگرتنی پرس و ڕای خەڵکی کوردستان شەرعیەتی نی یە.